نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی جیهان دابەزی

نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی جیهاندا بەراورد بە دوێنێ، دابەزینی بەخۆوە بینی هەر ئۆنسەیەک نزیکەی 12 دۆلار لە بەهاکەی کەمبووەوە.

ئەمڕۆ دووشەممە، نرخی یەک ئۆنسە زێڕ لە بازاڕەکانی جیهاندا بە سێ هەزار و 226 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا، لەکاتێکدا دوێنێ یەکشەممە، نرخی ئۆنسەیەک زێڕ سێ هەزار و 238 دۆلار بوو.

لەبەرامبەردا نرخی زێڕی ئەمریکا بەڕێژەی 0.1% بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 3248.20 دۆلار.

بەراورد بە ساڵانی رابردوو نرخی زێڕ بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و لەم ماوەیەی دوایشدا، هەندێکجار نرخەکەی بەرز و نزمی کردووە.